# ستایشنامه

مەخوازە بۆ خۆت ئەوەی بۆ کەسانی دی ناخوازیت. سپینوزا

ئەو دەنگانەی بەرووی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤدا هەڵدەشاخێن لای دەسەڵاتی پێشێلکار وەک دەنگێکی ترسناک دەناسێنرێن، وەلێ لای ئازادیخوازان سازگارترین ئاوازن. ئەگەر ئەم دەنگە بەرهەڵستکارانە نەبن، دەسەڵاتی سەرکوتگەر بە ئاسودەیی دەکەوێتە کورتکردنەوەی گۆڕەپانی سیاسەت و سنووردارکردنی ئازادییەکانی هاووڵاتیان. گومانی تێدا نیە ئەو کۆمەڵگایانەی زۆرترین ڕێژەی بەختەوەرییان بۆ هاووڵاتیان فەراهەمکردوە، خودان گەورەترین ژمارەی ئەو مرۆڤانەن کە ڕێگە نادەن دەسەڵات سنووره یاسایی و مۆراڵیەکانی خۆی ببەزێنێت.

پتر لە دوو مانگە ژووری کوردستان یونایتد لە پاڵتاک بۆتە مەکۆیەکی ئازاد بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر دۆزی دکتۆر کەمال سەید قادر. کوردستان یونایتد بێ ماندووبوون و بە درێژایی بیستوچوار کاژێر سەرقاڵی پەخشکردنی تازەترین زانیاریە لەسەر ئەم دۆزە و چەندین چاوپێکەوتن و کۆڕ و سیمناری بەڕێوەبردوە. چالاکییەکانی ئەم ژوورە هێژایە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی دەنگی ناڕەزایی لە دژی بێسەروشوێن کردنی دکتۆر کەمال و پاشان دادگایی کردنە نایاساییەکەی. ئەم کەناڵە نوێیەی ڕاگەیاندن نەک تەنها یەکەم کەناڵی ڕاگەیاندن بوو کە هەواڵی شوێنبزرکردنی دکتۆر کەمالی ڕاگەیاند، بەڵکو بەبێ گویدان بەو فشار و هەڕەشانەی لێیان دەکرا یەکەم کەمپەینی بۆ ئازادیی ئەو مرۆڤە بەڕێخست کە هێشتا بەردەوامە لە چالاکی. ئێمە لە کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال ستایشی ڕۆڵ و هاوکاریی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە کوردپەروەرەی شەویان خستۆتە سەر ڕۆژ بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان یونایتد، بەتایبەتی کاک بۆتین کوردستانی، بەپێویست دەزانین، هەر لەم نامەیەدا دەستی تاک تاکیان دەگوشین و داوای بەردەوامیان لێدەکەین.

هاوکات ناکریت ڕۆڵی کاریگەری نێوەندەکانی دیکەی ڕاگەیاند و ئەو کەمپەینانەی بۆ ئازادی دکتۆر کەمال ڕێکخران لەبەرچاو نەگرین. لە کاتێکدا ڕادیۆی هاوپشتی ئەو ئیزگە خنجیلانەیەی دەسەڵاتدارانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ناچارکرد دان بنێن بە شوێنبزرکردنی دکتۆر کەمالدا و کاراکتەری نوێنەری حکومەتی پارتی لە سکەندنەیڤیا بۆ گوێگران ئاشکراکرد، ڕادیۆی کوردیی دەنگی ئەمریکا ڕووی ڕاستەقینە و پۆزشکارانەی وەزیری مافی مرۆڤی هەمان حکومەتی بە گوێگرەکانی ئەم ئیزگە ئازیزە ناساند.

ڕۆژ تیڤی، ئەو کەناڵەی لەژێر فشاری ناڕەوای دەوڵەتی تورک و پیلانگێڕانی دیکەی دژ بە کورد، بەڵێنی داوە گەر لە ئاسمانیش بێت دەنگی چەوسانەوەی کورد بە جیهان بگەیەنێت. لە سۆنگەی خەمخۆریانەوە بۆ ئازادی دەربڕین، تەنها کەناڵی تەلەڤزیۆنیی کوردییە کە تا هەنووکە لایەکی لەم دۆزە کردبێتەوە و بە بایەخەوە پێشڤەچوونەکانی بە بینەرانی گەیاندبێت. ئەم کەمپینە وێڕای سوپاسی بێپایانی بۆ ماندوونەناسانی ئەم تەلەڤزیۆنە کوردییە، جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە کە هاوکاری بەردەوامی ئەم کەناڵە تاقانەیە گەورەترین پاڵپشتیی دەبێت بۆ ئێمە.

لیستەکە تادێت درێژتر دەبێتەوە، ئەگەرچی وەک پێویست درێژ نا، بەڵام ڕەوایە لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی خێرا بە هەندێک نێوەند و ماڵپەڕ بدەین کە لە گۆشەنیگای خەمخۆریانەوە بۆ ئازادی دەربڕین کەمتەرخەمیان نەکردوە و خوازیاری هاوکاریی بەردەوامیانین. کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال بەپێویستی دەزانێت ستایشی ڕۆڵی: دەنگەکان، کوردستانپۆست، بۆپێشەوە، دەنگی سەبەخۆ، ڕۆژهەلات، مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان لە پاڵتاک، (کەمپەینی ئازادکردنی دکتۆر کەمال) و هەموو ئەو کەسایەتیی و نێوەندانەی کار و چالاکییان بۆ دۆزی دکتۆر کەمال کردوە بکات.

لە کۆتاییدا سوپاسی دووبارەمان ئاراستەی هەموو خەمخۆرانی ئازادی دەربڕین دەکەین و داواکارین نەوەستن لە دەنگهەڵبڕین. هاوکات هیوادارین هەموو ڕۆژنامەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان کە تا هەنووکە بێباکانە سەیری دۆزێکیان کردوە کە کاریگەری لەسەر داهاتووی ڕۆژنامەوانی و بزاڤی ڕووناکبیریی کوردی دادەنێت، بەرپرسیارانە هەواڵی بێسەروشوێن کردنی دکتۆر کەمال و دادگاییە ناڕەواکەی بە خوێنەری کود بگەیەنن و ئەو جیهانبینیە بخنە ژێر پرسیارەوە کە پێشهاتی لەم جۆرە بەرهەم دەهێنێت.

کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال

کۆمیەتی سەرپەرشتیار

05/12/29

d.kamal@yahoo.com